گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ شوێنەوارە مێژووی و ئایینیە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ئاکرێ و چۆنیەتی پەرەپێدانیان

**م.ی. نیچیرڤان خیرالدین عبدالهادی**
بەشی جوگرافیا, فاکەڵتی پەروەردە, زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق
Nechirvan.abdulhadi@koyauniversity.org

**پ.ی.د لوقمان وسو عومەر**
بەشی جوگرافیا, فاکەڵتی پەروەردە, زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق
luqman.omer@koyauniversity.org

**م.ی. نەوشیروان داود علی**
بەشی جوگرافیا, فاکەڵتی پەروەردە, زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق
nawshirwan.dawd@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

بەرواری توێژینەوە
وەرگرتن :٢٠٢٣/٩/١١
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١٠/١٩
بڵاوکردنەوە :زستان ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*archaeology-tourism- Akre district- Qala - Ashkut – mosque, development*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.14

## پوختە

گەشتوگوزار یەکێکە لەو چالاکیانەی بەردەوام لە گەشەسەندن دایە، فرە جۆرە، یەکێك لە جۆرەکانی بریتیە لە گەشتوگوزاری شوێنەواری مێژووی و ئاینی کە بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی گەشتیاری دادەنرێت، قەزای ئاکرێ بە یەکێکە لە ناوچە گرنگ و دەوڵەمەندەکان دادەنرێت بە توانستە شوێنەواری ئاینی مێژووی وەکو بوونی (قەلای ئاکرێ و قەلای شووش و مزگەوتی گەورەی ئاکرێ و دێر مریانە و ئەشکەوتی گوندك...هتد)، توێژەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە شوێنی جوگرافی قەزای ئاکرێ دەوڵەمەندە بە ناوچە شوێنەوارییەکان، کە (١١٦)ناوچەی شوێنەواری لە قەزاکە بوونیان هەیە ئەمەش خاڵێکی یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی گەشتیار چەندین شوێنی جیاواز ببینێت لە کاتێکی کەمدا، جگە لەمەش لە ناوچەی لێکۆلینەوە چەندین گرفتی سەرەکی بوونیان هەیە وەکو خراپی یاخود نەبوونی تۆرەکانی رێگاوبان و نەبوونی پرۆژە و رێبەری گەشتیار

و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کە بەرێژەی (٨٣.٦%)گەشتیاران ئەم گرفتانە لە ناوچەکان بەدی دەکەن.
بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بەم ناوچانە بدرێت لەلایەن لایەنی پەیوەندی داری ناوچەکە بە مەبەستی جۆراوجۆری کردنی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆلینەوە ئەمەش لەرێگای دروستکردنی رێبەری گەشتیاری دروستکردنی کۆمەلگای گەشتیاری لە ناوچە شوێنەوارییە مێژووی و ئاینیەکانی قەزای ئاکرێ.

## پێشەکی

لەسەر ئاستی جیهان دا گەشتوگوزار بۆتە لایەنێکی گرنگی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەجۆرێك بەشی هەرە زۆری ولاتانی جیهان گرنگی و بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن ئەمەش بەهۆی ئەم لێکەوتە باشانەی کە ئەم کەرتە هەیەتی، یەکێك لە جۆرە گرنگەکانی گەشتوگوزار بریتیە لە گەشتوگوزار شوێنەواری مێژووی و ئایینیەکان کە بایەخی زۆری پێدەدرێت بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی کەرتی گەشتیاری وەکو ولاتانی (یۆنان و ڕوسیا و فەرەنسا و مسر) کە ساڵانە ژماریەکی زۆری گەشتیاران بۆ بینینی ناوچە شوێنەواریەکان گەشتی بۆ دەکەن، ناوچە شوێنەوارییەکان بریتیە لە مێژوو و ڕابردووی شارستانی ناوچەکان لە ئێستا بوونەتە سەرچاوەی هاتنی گەشتیاران، ناوچە شوێنەوارییەکان هۆکارێکی گرنگن  بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری هەر ناوچەیەك، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گرنگی زیاتر بەم توانستە گەشتوگوزاریە بدرێت لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەنجامبدرێت، بە ئامانجی ڕێکخستن و ئاراستەکردن و پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان لە کاریگەرییە خراپەکان و کارکردن لەسەر دەستکەوتنی زۆرترین قازانجی ئابوری، لە ڕێگای شیکردنەوەی توانستەکان و دانانی پلانێکی گونجاو بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان.

قەزای ئاکرێ دەوڵەمەندە بە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار و لە ئێستا ناوچەیەکی ناسراوی گەشتیارییە، سەرەرای دەولەمەندی بە ناوچە شوێنەوارییەکانی هەموو ئەمانە بە خاڵێکی بەهێزی ناوچەکە دادەنرێن بەمەبەستی ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام تاوەکو ئێستا بە گشتی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ بە شێوەیەکی گونجاو نەخراوەتە خزمەت کەرتی گەشتیاری قەزاکە، بۆیە پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی کاربکرێت لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان و پەرەییان پێبدرێت وە بخرێتە گەشتیاری بەمەبەستی بوژانەوەی ئابووری ناوچەکە لە ڕووی ڕەخساندنی هەلی کار و بنیاتنانی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**گرفتی توێژینەوە:**

- گرفتی ناوچە شوێنەوارە ئاینی ومێژووییەکانی قەزای ئاکرێ کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕاکێشانی گەشتار و گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری لە قەزای ئاکرێ کردووە.

- قەزای ئاکرێ دەولەمەند بە توانستە شوێنەوارەکان بەلام نەبوونی پلانێکی ورد بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاری کەرتی گەشتیاری ناوچە شوێنەوارەکان وەك گرفتی نەناساندنی شوێنەوارییەکان و نەبوونی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان.

**گرنگی توێژینەوە:**

-ناساندنی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ و دەرخستنی توانستە شوێنەوارییەکان بۆ ئەوەی بکرێنە مەلبەندێکی فراوانی گەشتیاری بە ئامانجی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیاران بۆ ناوچەکە و کارکردن بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی گەشتوگوزاری بە ئامانجی ڕەخساندنی هەلی کار.

**گریمانەی توێژینەوە :**

- ئایە جیاوازی لە مێژووی دروستبوونی ناوچە شوێنەواریەکانی قەزای ئاکرێ و جیاوازی لە دابەشبوونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان و نارێکی لە دابەشبوونیان بەسەر قەزاکەدا هەیە؟
- ئایە قەزای ئاکرێ دەولەمەندە بە توانستە شوێنەوارەکانی گەشتوگوزار دەتوانرێت سوودی لێ ببنرێت بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری ناوچەکە؟
-ئایە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی سوود لە ناوچە شوێنەوارەییەکانی قەزای ئاکرێ وەرگیراوە بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری؟

**ئامانجی توێژینەوە:**

- زیاتر گرنگی پێبدرێت لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە و کاربکرێت لەسەر دەرخستنی گرنگی ناوچە شوێنەوارییەکان و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری قەزای ئاکرێ.

-ناساندنی ناوچە شوێنەوارەکانی قەزای ئاکرێ و چۆنیەتی دابەشبوونی و دیاریکردنی گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەرە بۆیان بە ئامانجی ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیار.

**میتۆدی توێژینەوە:**

-لەکاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك توێژەر پشت بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی دەبەستێت بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی وردتری لێکۆلینەوە ، بۆیە ئێمە پشتمان بە میتۆدی شیکاری و وەسفی و مێژوو و هەرێمی بەستووە، ئەنجامدانی فۆرمی ڕاپرسی و سیستەمی زانیاری جوگرافی(GIS) بۆ شیکردنەوە و دابەشبوونی ناوچە شوێنەوارەکانی قەزای ئاکرێ.

**پلانی توێژینەوە:**

-لە پێناو گەیشتن بە ئامانج، لێکۆلینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر سێ تەوەری سەرەکی کە تەوەری یەکەم بریتیە لە ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە و تەوەری دووەم تایبەتە بە شیکردنەوەی جوگرافی ناوچە شوێنەواریەکان لەقەزای ئاکرێ و تەوەری سێیەم باس لە گرفتەکانی بەردەم ناوچە شوێنەوارییەکان و پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارەیەکانی قەزای ئاکرێ.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە (قەزای ئاکرێ)

یەکێك لە قەزاکانی پارێزگای دهۆکە دەکەوێتە باکوری هەرێمی کوردستان و بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆك و لە نێوان هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و نزیکە لە سنوری نێودەوڵەتی تورکیا و پارێزگای موصل نەخشەی(١)، ئەم قەزایە لەساڵی (١٨٧٧)ز بووە بە ناوەندی قەزا، لە پێشتردا سەر بە پارێزگای موصل بوو تاوەکو ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)، پاشان بە فەرمی بووە قەزایەك سەر بە پارێزگای دهۆک، سەبارەت بە هەڵکەوتەی بە پێی ناوچەکانی دوروبەری لە بەشی باکوری قەزای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێرگەسوورە کە چیای پێرس وەکو دیاردەیەکی سروشتی لێکیان جیا دەکاتەوە،لەبەشی باکوری رۆژئاوای قەزای ئامێدیە، لەبەشی رۆژهەلاتەوە هاوسنورە لەگەل زێی گەورەو  قەزاکانی شەقلاوە و سۆران، لەبەشی رۆژئاوای قەزای شێخانە کە رووباری خازر وەکو دیاردەیەکی سروشتی لێکیان جیا دەکاتەوە، قەزای بەردرەش دەکەوێتە بەشی باشوری قەزای ئاکرێ.

لەرووی پێگەی ئەسترۆنۆمی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی(٣٦.٣٢° –٣٦.٥٨°) باکور و هێلەکانی درێژی (٤٣.٣٦° – ٤٤.١٥°) رۆژهەلات، وە لە رووی کارگێریەوە لە چوار ناحیە پێك دێت کە بریتین لە ناحیەکان (سەنتەر، دینارتە، گردەسێن، بجیل) نەخشەی (٢)، شوێنی قەزای ئاکرێ بایەخێکی گرنگی گەشتوگوزاری هەیە ئەمەش بەهۆی دەولەمەندی بە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار وهەڵکەوتەی لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و موصل و نزیکی لەسنوری نێودەولەتی تورکیا، سەرەرای گونجاوی بارودۆخی ئاوهەوای قەزای ئاکرێ، بۆیە هەموو ئەمانە خاڵێکی یارمەتی دەرن بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی گەشتیار سەردانی قەزاکە بکەن.






**نەخشەی (١) هەڵکەوتەی قەزای ئاکرێ بە پێی هەرێمی کوردستان و پارێزگای دهۆك**

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێم،بەشی سیستەمی زانیاری و نەخشەسازی،نەخشەی کارگێری پارێزگای دهۆك، ٢٠١٨.

**نەخشەی (٢)شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی و یەکە کارگێرییەکانی قەزای ئاکرێ**

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی عیراق ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری دهۆك ، بەشی (GIS) نەخشەی گشتی ٢٠١٨.

## تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی شوێنەوارە مێژووی و ئایینیەکانی قەزای ئاکرێ

بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە توانستە شوێنەواری مێژووی و ئاینیەکان، قەزای ئاکرێش یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی توانستە شوێنەوارییە مێژووی و ئایینیەکان، بە پێی دواین داتای بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری قەزای ئاکرێ (١١٦) ناوچەی شوێنەواری لە قەزای ئاکرێ دابوونی هەیە کە (٩)شوێنەوار دەکەوێتە سەنتەری قەزا و (٥٤)ناوچە لە ناحیەی گردەسێنە و (٣٣)شوێنەوار دەکەوێتە ناحیەی دینارتە و (٢٠)شوێنەوار دەکەوێتە ناحیەی بجیل، کە بریتین لە ئەشکەوتی و پەرستگا و قەڵا و گرد و مەزارگا و گۆرستان و مزگەوت و دێر بە شێوەیەکی جیاواز بەسەر ناحیەکان دابەشبوونە(بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری قەزای ئاکرێ،٢٠٢٣) هەر یەك لەم ناوچانە گرنگی و بایەخی تایبەتی گەشتوگوزاریان هەیە جگە لەم ناوچانە چەندین ناوچەی ترمان هەیە کە تاوەکو ئێستا کنە و پشکنینی بۆ نەکراوە ، لەم تەوەرەیاندا باس لە گرنگی شوێنەواری مێژووی و ئاینی ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەین، بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگی هەر یەکێکیان بە جیا باسیان لێوە دەکەین:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**أ-توانستە شوێنەوارە مێژووییەکان**

توانستە شوێنەوارە مێژووییەکان بە بنەمایەکی گرنگی چالاکی گەشتوگوزار دادەنرێت بە جۆرێك لە زۆرێك لە ولاتانی جیهان بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، ئەنجامدانی کرداری کنە و پشکنین بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان لەلایەن پسپۆران و شارەزایانی بواری شوێنەوارناسی دەبێتە هۆی ئەوەی ناوچەکان ببنە توانستێکی گرنگ و کاریگەر بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری توێژەران و گەشتیارانی ناوچە جیاوازەکان جیهان، وەك لە بەشێك لە وەلاتان ناوچە شوێنەوارییەکان بە سەرچاوە و هۆکارێکی گرنگی داهاتی گەشتیاری دادەنرێت وەکو (یۆنان، تورکیا، مصر، چین) (عبدالحکیم، الدیب ، ٦٥)، بۆیە دەتوانین بڵێین توانستە شوێنەواری و مێژووییەکان بەشێکی گرنگی توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزارن لە هەر ناوچە و هەرێمێکدا، و بایەخ و گرنگیان کەمتر نییە لە توانستە سروشتیەکانی گەشتوگوزار، لە ڕووی گەشەو جموجۆڵی گەشتوگوزارییەوە، بەڵکو دەبنە فاکتەرێکی گرنگ لە خستەڕووی گەشتوگوزار لە هەندێك هەرێمە گەشتوگوزارییەکانی جیهان و بونەتە بەشێکی سەرەکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری (محمد، ٢٠١٥ : ٥٨).

ناوچەی لێکۆلینەوە چەندین شوێنەواری مێژوویان هەیە کە مێژووی ئەم شوێنەوارانە بۆ چەندین سەردەمی جیاواز دەگەرێتەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناوچەکە دەوڵەمەند بووە بە سەرچاوەی ئاوی و خۆراکیەکان و هەر لە کۆنەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێبووە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چەندین شوێنی مێژووی و شوێنەواریی ئاین و سەردەمە کۆنەکانی بوونیان هەبێت، ناوچە شوێنەواریەکان جێگای سەرنجی بەشێکی گەشتیارانە، بە توانستێکی گرنگی گەشتوگوزاری دادەنرێت، بەلام بەشێکی زۆری ئەم شوێنەوارانە خزمەتگوزارییەکانی گەشتوگوزاری تێدا بەدی ناکرێت، ئەوانەی سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن زیاتر پێك هاتوون لە کۆمەلە کەسانێك کە حەزیان بە لایەنی مێژووییە وەکو خاوەن بڕوانامەکان و ڕۆشنبیران بەگشتی قوتابیانی زانکۆ و مامۆستا و چینە خوێندەوارەکان، لێرە دا باس لە بەشێك لە گرنگترین ناوچە شوێنەوارە مێژووییەکان ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەین بەم شێوەی خوارەوە، خشتەی ژمارە(١)، نەخشەی (٣).

١-قەلای ئاکرێ: ئەم قەلایە یەکێکە لە کۆنترین قەڵاکانی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بەشی باکوری شاری ئاکرێ، لەبەرزی(٨٨٧م)ە لەئاستی ڕووی دەریا، لە سەر بازنەی پانی (٣٦,٤٥,٤٦)باکور و هێڵی

درێژی (٤٣,٥٣,٤٢)ڕۆژهەڵات، لە ڕێککەوتی (١٩٥١/١١/٥) لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) وەکو ناوچەیەکی شوێنەواری ناوی هاتوو و بلاوکراوەتەوە(بریفکانی، ٢٠١٧: ١٥٦)، ئەم قەلایە لە ساڵی (٢٠١٠)لەلایەن تیمی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری قەزای ئاکرێ کنە و پشکنینی بۆکراوە و چەند پارچە شوێنەواریان تێدا دۆزیوەتەوە کە برتیی بوونە لە (گۆزە ، مۆر(خەتم)، قەلیۆن) کە ئەمانەش تەمەنیان دەگەرایەوە بۆ سەردەمی پێش زاین.

مێژووی دروستکردنی ئەم قەلایە بۆ ساڵی (٥٨٠پێش زاینی )دەگەرێتەوە لەلایەن (میر زەند)دروستکراوە، ئەم قەلایە لەچەندین بەشی جیاواز پێك دێت وەکو ڕێڕەوی چوونە ژوور و شوێنی پاشا و هۆڵی پەیڕەوانی ئایینی و گرتوخانە و گۆگای ئاو و خۆراك، یەکێکە لە هۆلەکان بریتی بووە لە شوێنی کۆبوونەوەی میر و وەزیرەکانی بووە، شوێنی میر بە نزیکەی نیو مەتر بەرزترە لە شوێنی وەزیرەکان و پانی هۆلەکە نزیکەی (٤م) و درێژی (١٠م)ە و یەك دەرگای هەیە و چوار پەنجەرەی هەیە بۆ ڕووناکی، سەبارەت گرتوخانەکە درێژیەکەی (٤٤م) و پانیەکەی (٤م) و بەزری نزیکەی (٣م)ە کۆنێکی بازنەی لەسەر گرتوخانە بوونی هەیە کە تیرەکەی نزیکەی یەك مەترە بۆ مەبەستی ڕووناککردنەوەی بەکارهاتووە، بەشێك لە پسپۆرانی شوێنەوار پێیان وایە ئەم گرتوخانەیە لە کۆندا پەرستگایەك بووە بۆ پەیڕەوانی ئاینی ئەو سەردەمە، جگە لە بوونی چەندین چاڵی ئاگر کردنەوە بە چەندین قەبارەی جیاواز (بریفکانی، ٢٠٢٣)، قەلای ئاکرێ دوو دەرگای سەرەکی هەیە کە دەرگای یەکەم دەکەوێتە بەشی باشووری قەلاکە و بەرامبەر شاری ئاکرێ و دەرگای دووەمی دەکەوێتە بەشی باکوری قەلاکە و بەرامبەر ڕەزی میرە.(ئاکرێ، ١٩٩٩: ٣٤)، نزیکەی (١٣) بیر لەسەر قەلای ئاکرێ بوونی هەیە کە لە کۆندا بۆ کۆگاکردنی ئاو بەکارهاتووە بە گشتی قوڵی بیرەکان نزیکەی (٨م)و فراوانی بەشی ژێرەوەی (٤م)و بەشی سەرەوەی لوولەکەی یەك مەتریە (بریفکانی، ٢٠١٧: ١٦٣). بەمەبەستی پاراستنی ئەم بیرانە سەریان بە ئاسن داپۆشراون وێنە(١)، ئەم قەلایە جگە لە ڕێگای پیادە جۆرەکانی تری گواستنەوەی نییە وەکو ئۆتۆمبێل یان تەلەفریك کە گەشتیار بتوانێت سەردانی بکات، ، سەرەرای ئەم گرفتانە ئەم قەڵایە گرنگی خۆی لەدەست نەداوە و بە یەکێك لە توانستە هەر گرنگەیەکانی گەشتوگوزاری مێژوویی و شوێنەواری ناوچەکە دادەنرێت لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و ساڵانە چەندین گروپی گەشتیاری و خوێندکارانی زانکۆ گەشتی بۆ دەکەن، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ گەیاندنی رێگایەکی

گونجاو وەکو دروستکردنی (تەلەفریك) و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی تر بە ئامانجی بینینی بەشە جیاوازەکانی قەلاکە و دیمەنی جوانی شارێ ئاکرێ و سەرەرای ئەوەی ساڵانە لە وەرزی زستاندا بەفرێکی زۆر دەبارێت و دیمەنێکی جوان بە ناوچەکە دەبەخشێت.



وێنەی (١) قەلای ئاکرێ

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە رێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە

٢-قەلای شوش: ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی باکوری گوندی شوش، لەبەشی باکوری خۆرئاوای قەزای ئاکرێ هەڵکەوتووە و نزیکە (٢٠کم)لەسەنتەری شاری ئاکرێ دورە و بە دووری (١٠٤کم)دەکەوێتە بەشی رۆژهەلاتی شاری دهۆك (١٤٣کم)لە شاری هەولێرەوە دوورە(مديرية سياحة عقرة، دليل السياحة، 2021)، ئەم قەلایە لە ساڵی (٧٠٠ز)لەلایەن میر (زەند) دروستکراوە (شوشی، ٢٠١٣: ٥)، تائێستا هیچ کنە و پشکنین بۆ ئەم قەڵایە ئەنجام نەدراوە، بەرزی شوێنی قەلاکە (١٠٦٠م) لە ئاستی رووی دەریا، لەسەر بازنەی پانی (٣٦,٤٨,١٨) ی باکور و هێڵی درێژی(٤٣,٤٥,٣٤)ی خۆرهەلات، ئەم قەڵایە پێشتر لە لایەن پەیرەوانی ئایینەکانی زەردەشتی و مەسیحی وەکو پەرستگا بەکارهاتووە، ئەم قەڵایە لە دوو ژوور پێکهاتوو و دوو گۆری تێدایە یەکێکیان گۆری (ناهیدە خانە) کە خێزانی ئیسماعیل پاشایە و ئەویتریش بریتیە لە گۆری (شێخ وریا)یە (تاج الدين،٢٠٢٣)، لەبەشی باشوری رۆژهەلاتی ئەم قەلایە کنێستی جووی لێیە و لە ئێستادا شوێنەواری ماوە و کانییەکی ئاوی لێیە بە ناوی (کانیا جوییا) و لەبەشی رۆژهەلاتی دێرکی مەسیحی هەڵکەوتووە درێژییەکەی (١٠م)و سێ دەرگای هەیە، سەرەرای بوونی چەندین گۆگای ئاو و شوێنەواری کارگای شەراب و دۆشاو (برادۆستی، ٢٠١٩: ١١٣)، ، ئەم قەلایە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەوتۆتە ناوچەیەکی دارستانی چڕ و چەندین جۆری داری جیاوازی تێدایە وەکو دار گوێز و هەنجیر و توو و هەنار ، سەرەرای دەوڵەمەندی ناوچەکە بە دەرامەتی ئاو، لە پاڵ ئەم قەلایە چەندین شوێنەواری تر لەم گوندە بوونی هەیە وەکو (ئەشکەوت، مزگەوت، دێر، دۆڵی نەبی دانیال، ئاش) وێنە(٢)بۆیە دەتوانین بڵێن ناوچەیەك دەوڵەمەندە بە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار دەتوانرێت سوودی زیاتری لێ ببینرێت بۆ خزمەتی کەرتی گەشتیاری ناوچەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو پێویست بایەخی پێنەدراوە نەخراوەتە خزمەت بواری گەشتوگوزارییەوە بە جۆرێك گەیشتن بەم قەلایە زۆر سەختە بەهۆی نەبونی رێگای وەکو پلیکانی و تەلەفریك، جگە لەمەش رێگای گەیشتن بەم ناوچەیە رێگای جۆری چەو رێژکراوە.

وێنەی (٢)قەلای شوش چەند شوێنەوارێکی تری نزیك لە قەلا وەك دێر و ئەشکەوت
سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە رێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە.

٣-قشلەی ئاکرێ: قشلەی ئاکرێ یەکێکە لە شوێنەرارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق، دەکەوێتە بەشی باکوری شاری ئاکرێ و ناوەڕاستی بازاری کۆنی ئاکرێ، گەرچی بەشێکی مێژووی ئەم قەڵایە شاراوەیە، بەڵام شارەزایانی بواری شوێنەوار پێیان وایە مێژووکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی



دەولەتی عوسمانیەکان و سالی (١٨٧٧ز)بنیات نراوە و ناوەکەی لە ووشەی تورکی(قاشلاخ)ەوە هاتووە بە واتای شوێنی حەوانەی سەربازی دێت(حسين، ٢٠٠٩: ١٣٧)، ئەم قشلەیە ماویەك زۆر وەکو باڵەخانەیەکی کارگێری بەکارهاتووە وەکو (قائیمقامیەت، بەرێوبەرایەتی ناسنامەی باری شارستانی،

بنکەی پۆلیس)، ماوەیەك وەکو بەندینخانە لەلایەن ڕژێمی بەعس بەکارهاتووە بۆ ئەشکەنجەدانی خەڵکی ناوچە، بەرزی شوێنی قەڵاکە (٧٥٤م)ە لە ئاستی ڕووی دەریا و لەسەر بازنەی پانی (٣٦,٤٥,٣١)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٣,٥٣,٤٣)ی خۆرهەلات هەڵکەوتووە، لە ڕووی پێکهاتەی بیناسازییەوە قشڵەی ئاکرێ لە دوو نهۆم سەردابێك و حەوشێکی فراوان و (٣٠) ژوور و دوو هۆڵ پێك هاتووە دابەشبووە بەسەر سێ لای قشڵەکە واتە لایەکی قشڵە هیچ یەکەیەکی بیناسازی تێدا نییە کە بەشی باشوری ڕۆژئاوایە، لە نهۆمی یەکەم لە ڕێگای دوو پلیکانەی هاوشێوە بۆ نهۆمی دووەم سەردەکەون و تەنها یەك پلیکانە هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ سەربانی قشڵە، لە هەموو ژوورەکان پەنجەرەی شێوە درێژی هەیە و بەشی سەروەیان بەشێوەی بازنەی کۆتایی دێت و پەنچەرەکانیش بەهەمان شێوە دروستکراون و پەنجەرەکان لە ئاسن و تەختە بەشێوەی نەخش دروستکراون و هیچ لکێنەرێکی (لەحیم)تێدا بەکارنەهاتووە وێنەی(٣). (برادۆستی، ٢٠١٩ :٢٠١-٢٠٢) ئەمڕۆ قشلەی ئاکرێ وەک شوێنێکی کەلەپووری ماوە، خەڵکی ناوخۆ و سەردانکەران سەرسام دەکات بە گەورەیی تەلارسازییەکەی و ئەو چیرۆکانەی کە لەناو بەردەکانیدا هەیە، پاراستنی ئەم بەها مێژووییە زۆر گرنگە، نەک تەنها لەبەر مێژووی هاوبەشمان، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتووش کە شایەنی ئەوەن پەیوەندی بە ڕەگەکانیانەوە بکەن و لە قوربانیدان و دەستکەوتەکانی باوباپیرانیان تێبگەن، ئەم قشلەی چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە لەکاتی سەردانی مەیدانی توێژەر دا پسپۆڕانی بواری شوێنەوار خەریکی نوێژەنەکردنەوەی بوون لەسەر هەمان دیزانی کۆنی، پلان وایە بکرێتە ناوەندێکی شوێنەواری قەزای ئاکرێ و چەندین بەشی جیاوازی تێدا بکرێتەوە وەك کردنەوەی مۆزەخانەو ژوورێك بۆ نوسەران و شاعێران و هونەرمەندان بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆڕی شیعری و چالاکی ئەدەبی، دامەرزاندنی چایەخانەیەکی کلتوری لە ناو قشلە و دامەزراندنی داتاشۆیەك لەبەشێکی قشلە بە مەبەستی پێشاندانی مێژوو و بۆنەی ناوچەکە ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی گەشتیاران بە ئاساترین شێوە ناوچەکە بناسن.(أحمد، ٢٠٢٣)، لە ئەگەری تەواوکردن و نۆژەنکردنەوەی قشلەی ئاکرێ لەسەر هەمان دیزانی کۆنی سەردەمی عوسمانی ئەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیاران بۆ قەزای ئاکرێ ئەمەش گرنگی ئابووری زۆری بۆ ناوچەکە دەبێت، سەرەرای ئەوەی دەبێت ناوەندێکی گرنگ بۆ پاراستنی کەڵ و پەلی شوێنەواری قەزای ئاکرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی (٣) قشلەی ئاکرێ

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە ڕێککەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٣ لەلایەن توێژەر گیراوە.

٤.ئەشکەوتی گوندك: ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە گوندی گوندك سەر بە ناحیەی سەنتەر بە دووری (١٥کم)لە بەشی باکوری ڕۆژئاوای شاری ئاکرێ هەڵکەوتەوە، لەبەرزی (٨٤٥م) لە ئاستی رووی دەریا و بازنەی پانی (٣٦,٤٨,٠٤)باکور و هێڵی درێژی (٤٣,٤٧,٣٢)، ئەشکەوتی گوندك ئەشکەوتێکی سروشتیە و درێژییەکەی (٥٠م)ە، لەم ئەشکەوت سێ نەخشی هەڵکۆلراو هەیە کە یەکێکیان دەکەوێتە ناو



ئەشکەوتەکە و دوو دانەکەی تریش دەکەوێتە دەرەوەی ئەشکەوتە و مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ (٢٥٠٠)ساڵ پێش زاینی (بریفکانی،٢٠٢٣)، چەندین زانا و پسپۆری شوێنەواری جیهانی سەردانی ئەم ئەشکەوتەیان کردووە یەکەم کەس (لایارد)بووە کە کنە پشکنینی بۆ ئەم شوێنە کردووە هەروەها شارەزای شوێنەوارناسی فەرەنسی (فیکتور ثلاس) لەسالی (١٨٥٢ز) و (لیمان هاویت)ی ئەلمانی لە ساڵی (١٨٩٨ز) و (دبلیو کنك)ی ئەنگلتری سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە(حسین، ٢٠٠٩ : ١٣٥)، بەلام ئەوەی جێگای ئاماژەیە تا ئێستا هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی گەشتوگوزار نەگەیندراوەتە ئەم ئەشکەوتە بۆیە پێویستە کار لەسەر ناساندنی و گەیاندنی ڕێگا و دانانی خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاری بکرێت بە ئامانجی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە.وێنە(٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (٤) ئەشکەوتی گوندك

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە رێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە

بەشێویەکی گشتی قەزای ئاکرێ یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان بە ناوچە شوێنەوارە مێژوویەکان چونکە ئەم ناوچە مێژوویەکی کۆنی هەیە و چەندین دەستەلاتی جیا فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کردووە، جگە لەم شوێنەوارنەی باسمان کرد چەندین شوێنەواری تر ماوەن لە ناوچەکە، کە کنە و پشکنینی بۆ نەکراوە کە پێویستە لایەنی پەیوەندی دار کاری لەسەر بکات و و ناساندنی بۆ بکرێت و خزمەتگوزارییەکانی گەشتیار بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار سەرانی دەڤەرەکە بکەن و ئاشنای مێژوو و ناوچە شوێنەواریەکانی قەزاکە ببن.

| ژ | ناو | ناحیە | گوند | بەرزی | بازنەی پانی | هێلی درێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قشلەی ئاکرێ | سەنتەری قەزا | - | ٧٥٤ | ٣٦,٤٥,٣١ | ٤٣,٥٣,٤٣ |
| ٢ | قەلای شوش | گردەسین | شوش | ١٠٦٠ | ٣٦,٤٨,١٨ | ٤٣,٤٥,٣٤ |
| ٣ | قەلای ئاکرێ | سەنتەری قەزار | - | ٨٨٧ | ٣٦,٤٥,٤٦ | ٤٣,٥٣,٤٢ |
| ٤ | ئەشکەوتی گوندك | گردەسین | گوندك | ٨٤٥ | ٣٦,٤٨,٠٤ | ٤٣,٤٧,٣٢ |
| ٥ | تەکیەی عبدالعزیز | سەنتەری قەزا | - | ٨٢٥ | ٣٦,٤٦,٠٤ | ٤٣,٥٣,٣٨ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | مزگەوتی گەورەی ئاکرێ | سەنتەری قەزا | - | ٧٣٠ | ٣٦,٤٥,٣٢ | ٤٣,٥٣,٣٥ |
| ٧ | دێر مریامە | سەنتەری قەزا | - | ٨٠٥ | ٣٦,٤٥,٣٨ | ٤٣,٥٣,٤٢ |
| ٨ | دیر مار عودیشو | گردەسین | گوندك | ٨٣٦ | ٣٦,٤٧,٥٧ | ٤٣,٤٧,١٧ |
| ٩ | گۆڕستانی مێرداڤیا | دینارتە | بامشمش | ٨٣٣ | ٣٦,٥٢,٠٩ | ٤٣,٤٨,٥٤ |
| ١٠ | دێر | دینارتە | سیانە | | ٣٦,٥٣,١٢ | ٤٣,٤٨,٤٦ |
| ١١ | مزگەوتی ئەسحابان | بجیل | بوسیل | ٦٢١ | ٣٦,٤٣,٣٥ | ٤٣,٠٢,٣٦ |
| ١٢ | پەرستگای زەردەشتی | سەنتەری قەزا | - | ٧١٠ | ٣٦,٤٥,٣٧ | ٤٣,٥٣,٣٨ |
| ١٣ | دیر مارمتی | بجیل | نهاوە | ٤٣٤ | ٣٦,٤٢,٠٠ | ٤٣,٥٨,٢٦ |
| ١٤ | مزگەوتی مالکاوە | بجیل | سوسناوە | ٧٠٧ | ٣٦,٤٢,٣٨ | ٤٤,٠٨,٢٧ |

خشتەی (١) ناو و هەڵکەوتە و بەرزی و بازنەی پانی و هێڵی درێژی ناوچە شوێنەوارە مێژووی و ئایینی قەزای ئاکرێ

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە ١-(سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆلینەوەلە رێککەوتی(٢٠-٧-٢٠٢٣ و ٢٤-٨-٢٠٢٣ )، ٢-بەرنامەیGoogle Earth Pro ، ٣-بەرنامەیArc GIS V.10.4 ، ٤-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارتی شارەوانی، دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەوای دهۆك، بەرێوبەرایەتی شوێنەواری ئاکرێ، ٢٠٢٣.

**ب- توانستە شوێنەوارە ئاینەییەکان**

شوێنە ئایینیە پیرۆزەکان مێژویەکی کۆنییان هەیە، بەهۆی جیاوازی کۆمەڵگا مرۆییەکان لەلایەنی بیروباوەڕەوە، بۆیە لەسەر ئاستی جیهان هەندێك  لە شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی بۆنەتە هۆکارێکی سەرەکی لە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاری، ئەم توانستە بە گەشت  و گوزاری ئایینی  ناسراو، زیاتر سەردانیکردنی شوێنە پیرۆزەکان و مەرقەد و مەزرای پیاو چاکان بەمەبەستی ئاشنابوون یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێبەجێکردنی ئەرکی ئایینی و بەشداریکردن لە فەرمانە ئاینیەکان و ئاسودەکردنی ڕوحی و جەستەیی (عبدالهادی، ٢٠٢٢: ٧٥).

ناوچەی لێکۆڵینەوە مێژویەکی کۆنی هەیە، بەمەش دانیشتوانی ناوچەکە خاوەن ئایینی جیاوازن وەك ئایینی ئیسلام و مەسیحی و بونی زەردەشتی جولەکە لە ڕابردوو دا، بونی ئەم جیاوازییە فاکتەرێك بووە بۆ بونی چەندین شوێنی پیرۆزی ئایینی و مەزارگا و بۆنەی جیاواز، لە ئێستا دا ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆربەی دانیشتوانی موسلمانن، بەڵام شوێنەوارەکانی ئاینەکانی تری تێدا ماوە وەکو دێری مەسیحی و پەرستگای زەردەشتی، خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران سەردانیان دەکەن بۆ مەبەستی جیاجیا، لێردا باس لە شوێنەوارە ئاینیەکانی قەزای ئاکرێ دەکەین، خشتەی(١)و نەخشەی (٣):

١-مزگەوتی گەورەی ئاکرێ: دەکەوێتە سەنتەری شاری ئاکرێ و بازاڕی کۆنی شارەکە و بەرزی ئەم مزگەوتە (٧٣٠م)ە لە ئاستی ڕووی دەریا، لەسەر بازنەی پانی (٣٦,٤٥,٣٢)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٣,٥٣,٣٥)ی خۆرهەلاتە، ئەم مزگەوتە یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی عیراق و یەکێە لە گرنگترین شوێنەواریە مێژوویەکانی هەرێمی کوردستانە، مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (٢٠ی کۆچی) بە بڕیاری (عبدالله کۆری عومەری کوری خەتاب) بنیات نراوە تەمەنی مزگەوتەکە (١٤٢٣)ساڵە(محمد، ٢٠٢٣: ٦٠)، ئەم مزگەوتە چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە لە ساڵی (١٩٦٥)لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی عیراق نۆژەنکراوەتەوە و ئەم دیزانەی ئێستایی پێدراوە، دواین جار لە ساڵی (٢٠١٩)لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام لەسەر بنەمای زانستی شوێنەواری نۆژەن نەکراوە، ئەم مزگەوتە لە سێ نهۆم پێك دێت نهۆمی یەکەمی دەبێتە سێ بەشەوە کە تایبەت بە شوێنی نوێژی پیاوان و ئافرەتان و نافوریەك لە ناوەڕاستی مزگەوتە دروستکراوە نهۆمی دووەمیش پێك دێت لە چەند ژوورێکی کارگێری و شوێنی قوتابیان و نهۆمی سێیەمیش پێك دێت لە چەند ژوورێك کە شوێنی مانەوەی قوتابیان و هۆڵی خوێندنە، سەرچاوەی ئاوی بریتیە لە بوونی کانییەك لە ناو مزگەوتەکە، ڕووبەری مزگەوتە(٣٠٠م)ە و یەك منارەی و یەك قوبەی هەیە (بریفکانی،٢٠٢٣)، ئەم مزگەوتە وەکو زانستگا و خوێندنگایەك بووە و لەسەر ئاستی ناوخۆ دەرەوەی وەلات ڕوویان تێکردووە بە ئامانجی فێربوونی زانستە ئسلامیەکان و زانستەکانی تریش کەواتا مەڵبەندێکی گرنگی پێگەیاندنی چەندین مەلا و مامۆستایی ئاینی بووە و لە ئێستا دا خوێندنگایەکی ئاینی فەرمی تێدایە کە بریتیە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان، مزگەوتی گەوەری ئاکرێ یەکێکە لە گرنگترین مەڵبەندی گەشتیاری ئایینی قەزای ئاکرێ چونکە کەوتۆتە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە توانستە گەشتوگوزارییەکان و ڕۆژانە ژماریەکی زۆری گەشتیار سەردانی ئەم مزگەوتە دەکەن بە مەبەستی نوێژ و خواپەرستی و ئاشنا بوونیان بە دیزان و مێژووی شوێنەواری مزگەوتە. وێنە(٥).



وێنەی (٥) مزگەوتی گەورەی ئاکرێ

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە ڕێککەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٣ لەلایەن توێژەر گیراوە.

٢ -ئارامگا و تەکیەی شێخ عبدالعزیزی گەیلانی: ئەم تەکیە دەکەوێتە بەشی باکوری شاری ئاکرێ ڕێگای گەیشتن بەم تەکیەیە بە چەندین جۆری دار دەورە دراوە وەکو داری (توو، هەنجیر، گوێز)ئەمەش بەهۆی دەولەمەندی دۆلەکە بە سەرچاوە ئاوییەکان، بەرزی ئەم شوێنە (٨٢٥) لەسەر ئاستی ڕووی دەریا ، لەسەر بازنەی پانی (٣٦،٤٦،٠٤)ی باکور و هێڵی درێژی (٤٣،٥٣،٣٨)ی خۆرهەلاتە، مێژووی دروستبوونی بوونی ئەم تەکیە دەگەڕێتەوە بۆ سالی (٦٤٠زاییینی) و لەسەر دەستی (شێخ سعید شێخ بەرزنجی) بنیات نراوە، چەندین جار ئەم تەکیە نۆژەنکراوەتەوە دواجار لە ساڵی(٢٠٠٧) حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە، لە ئێستا دا ناوچەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری ئاینی قەزاکەیە، ئەم تەکیە لە دوو بالەخانە پێك دێت بالەخانەی یەکەم دوو نهۆمە، نهۆمی یەکەم بریتیە لە ئارامگای (شێخ عبدالعزیز گەیلانی) و هۆڵێکی فراوان و نهۆمی دووم بریتیە لە لە چەند ژورێك کە تەواو نەکراوە لە ئێستادا، بالەخانەی دووەم ئەمەش لە دوو نهۆم پێك دێت نهۆمی یەکەم تایبەت بە مزگەوت کە ڕۆژانە مورید و دەروێشانی تەریقەتی قادری و خەڵکی ئاسایی نوێژ و زکری تێدا دەکەن و شوێنی دانیشتنی شێخ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وریایە و نهۆمی دووەم تایبەت بە شوێنی مانەوەی فەقێیەکانە سێ داری تووی بەرز لە حەوشەی ئەم باڵەخانەیە بوونی هەیە وێنە(٦)، لەگەل بوونی چەندین بەشی تر لە تەکیەکە، سەرەڕای بوونی کتێبخانەیەکی گەورە، سەرچاوەی ئاوی تەکیەکە بریتیە لە بوونی کانی لە نزیك تەکیە کە بەکاردێت بۆ دەستنوێژگرتنی نوێژخوێنان، شێخ عبدالعزیزی گەیلانی کوری شێخ عبدالقادری گەیلانیە جێنشینی باوکی بووە و پایەکی تایبەتی ئاینیان هەبووە لە ناو خەڵکی ناوچە و لەئاستی وەلاتانی تر چونکە ڕابەرایەتی تەریقەتی قادریان کردووە و چەندین خانەقا و تەکیەیان دروستکردووە، (عیسی،٢٠٢٣)تەکیەیان ناوەندێکی گرنگی فێربوونی زانستە دینیەکان بووە و نانیان داوە بە هەژاران و مەڵبەندێکی گرنگی مانەوەی ڕێبوران بووە، لە ئێستا (مەزاری شێخ عبدالعزیز) تێدایە، ساڵانە هەزاران خەلیفە و دەروێش و مورید و شوێنکەوتووانی ڕێبازی قادری لەم شوێنە کۆدەبنەوە بۆ زیندووکردنەوەی بۆنە و مەڕاسیمە ئاییننیەکان لەوانە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (محمد)ﷺ و یادی لەدایکبوونی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و زیندووکردنەوەی شەوی ئیسرا و میعراج و شەوی نیوەی شەعبان و شەوی قەدر و جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و هەموو ڕۆژانی هەینی، شایەنی باسە ئێستا شێخ وریا شێخ سەعید بەرزنجی ولیانی شێخی ئێستای ڕێبازی قادری ولیانییە و سەرپەرشتی تەکیە و مەرقەدی شێخ عەبدولعەزیز گەیلانی دەکات، لە ئێستا دا ژمارەیەکی زۆری گەشتیارن سەردانی ئەم ئارامگا و تەکیە دەکەن بەمەبەستی ئاشنا بون بە ڕێباز و تەریقەتی قادری سەرەڕای جوانی و تایبەتمەندی سروشتی ناوچەکە کە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە .



وێنەی (٦)ئارامگا و تەکیەی شێخ عبدالعزیزی گەیلانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەم وێنەیە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە.

٣.دێر مریەما: دێر مریەما یەکێك لە شوێنەوارە گرنگەکانی قەزای ئاکرێیە، کە دەکەوێتە بناری چیای کەلێ و لە باکوری شاری ئاکرێ لە گەڕەکی بەنا دێر لە کۆندا دانیشتوانی ئەم گەرەك مەسیحی تێدا نیشتەجێ بووە بۆیە لە ئێستا دا ئەم گەرەکە ناوی دێرە، ئەم دێرە ماویەك لەلایەن تیمێکی فەرنسی کنە و پشکنینی بۆ کرا بەڵام بەهۆی پابەند نەبوونی تیمەکە بە پاراستنی و شێوازی هەڵکۆلینەی ناوچەکە کارەکانیان ڕاگیرا، مێژووی دروستکردنی ئەم دێرە روون نییە بەلام بە پێی هەندێك لەسەرچاوە مێژوویەکەکان مێژووی بنیات نانی دەگەرێتەوە بۆ سالی(١٦٩٥ز)(ڕێبەری گەشتیاری پارێزگای دهۆك:١٥٣)، بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا(٨٠٥م)ە و بازنەی پانی (٣٦,٤٥,٣٨)باکور و هێڵی درێژی (٤٣,٥٣,٤٢)خۆرهەڵات، ئەم دێرە شوێنی پەیرەوانی ئاینی مەسیحی ناوچەکە بووە ڕووبەرەکەی (١٠٠م)چوارگۆشەیە، چوار ستون لەبەشی ناوەوەی دێرەکە دایە، دوو دەرگای سەرەکی هەیە و (٩)پەنجەری هەیە بۆ رووناکی و هەواگۆرکێی دێرەکە، ئەم دێرە تا ئێستا بەتەواوی نۆژەن نەکراوەتەوە و نەخراوەتەوە خزمەت کەرتی گەشتوگوزارەوە و ڕێگای گەیشتنی تەنها لە ڕێگای پلیکانێیەوەیە و دەکەوێتە سەر ڕێگای قەلای ئاکرێ. وێنە(٧).



وێنەی(٧) دێر مریامە

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە.

٤ -دیر مار عودیشو: ئەم دیرە لەسەر زەوییەکی بەردین لە باکوری رۆژئاوای گوندی گوندك بنیاتنراوە و شوێنێکی گرنگی شوێنەواری قەزای ئاکرێیە، دەکەوێتە بەرزای (٨٣٦م) لەئاستی رووی دەریا و لەسەر بازنەی پانی (٣٦,٤٧,٥٧)ی باکور و هێلی درێژی (٤٣,٤٧,١٧)خۆرهەلات، بوونی ئەم دیرە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە مەسیحی لەم ناوچەیە بوونبان هەبووە، بەلام لە ئێستا هیچ مالێکی مەسیحی لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوندە بوونی نییە، تەنها شوێنەوارەکەیان ماوە بۆ دەبێت کار لەسەر نوژەنکردنەوەی ئەم پەرستگایە بکرێت و نوێبکرێتەوە رێگا بگرێت لە تێك چوون و لە ناچوونی چونکە لە ئێستا بەشێکی ئەم دێرە تووشی داڕومان بووە، ئەمەش لە رێگای نۆژەنکردنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری کە ئسێتا هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ نەبراوە. وێنە(٨).



وێنەی (٨)دێر مار عودیشو

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە.

٥-مزگەوتی ئەسحابان: ئەم مزگەوتە دەکەوێتە گوندی بوسیل سەر بە ناحیەی بجیل لە بەشی رۆژهەلاتی قەزای ئاکرێ، کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر و ئاکرێ، لەبەرزایی (٦٢١م)ە لە ئاستی رووی دەریا، لەسەر بازنەی پانی (٣٦,٤٣,٣٥)ی باکور و هێلی درێژی(٤٣,٠٢,٣٦)ی رۆژهەڵات، ئەم مزگەوتە لە هۆلێکی چوار گۆشە پێك دێت ئەمەش باوترین جۆری نەخشەیە بۆ مزگەوتەکان، لەبەشی پێشەوەی مزگەوتەکە رووەو قیبلە میحرابێکی بچووك دروستکراوە، پێکهاتەی بیناسازی مزگەوتە لە بەرد دروستکراوە، چەند پەنجەرەیکی لەبەشی سەرەوەی مزگەوتە دروستکراوە بەمەبەستی هەواگۆرکێی و رووناکی، سەبارەت بە مێژووی دروستبوونی هیچ بەلگەنامەیەك نییە مێژووی دروستبوونی بسەلمێنیت (السیکانی، ٢٠٢٢: ٢٣-٢٦) بەلام بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان مێژووەکەی دەگەرێتەوە سەردەمی فتوحاتی ئسلامی لەسەردەمی عبدالله کوری عومەری کوری خەتاب دروستکراوە هاوشێوەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، بەڵام تا ئێستا هیچ کنە و پشکنینی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەکراوبەشێکی ئەم مزگەوتە تووشی دارمان بوە و هیچ جۆرە خزمەت گوزاریەك لەم ناوچە شوێنەوارە بەدی ناکرێت بۆیە دەبێت کار لەسەر نۆژەنکردنەوە پاراستنی بکرێت. وێنە(٩).



وێنەی (٩) مزگەوتی ئەسحابان

سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنانە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٤ لەلایەن توێژەر گیراوە.




نەخشەی (٣(نەخشەی شوێنەواری مێژووی و ئاینی قەزای ئاکرێ
سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ١- خشتەی ژمارە(١)، ٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی عیراق ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری دهۆك ، نەخشەی گشتی ٢٠١٨ (GIS) بەشی

**تەوەری سێیەم: گرفتەکانی بەردەم ناوچە شوێنەوارییەکان و پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ**

لەم تەوەرە تیشك دەخەینە سەر گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم ناوچە شوێنەوارییەکان و ڕێگا چارەسەر بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری شوێنەواری ناوچەی لێکۆلینەوە لە ڕێگای پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی(پاشکۆی ژمارە ١) و سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەکە و سەرنج و بۆچونی گەشتیار وەرگیراوە سەبارەت بە گرفت و لایەنی پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ، بەم شێوەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**أ -گرفتی ناوچە شوێنەوارەکانی قەزای ئاکرێ**

ناوچە شوێنەوارییەکان بە توانستێکی گرنگی کەرتی گەشتیاری دادەنرێت و خاڵێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و بەیەکێك لەو بنەمایانە دادەنرێت کە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزار، بەڵام بوونی ناوچە شوێنەوارییەکان بەدەر نین لە بوونی چەندین گرفتی جۆراو جۆر، بەشی زۆری ئەم گرفتانە لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە دروستبوونە، ناوچەی لێکۆلینەوە دەوڵەمەندە بە شوێنەواری مێژووی و ئایینی بەڵام بەشی زۆری شوێنەوارەکان گرفتی گەیشتنی گەشتیاران هەیە لەم تەوەرە بە وردی باس لەو گرفتانە دەکەین کەبونەتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی گەشتیار بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان و مانەوەیان لە قەزای ئاکرێ دەکەین و لە ڕێگای ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی گرفتەکان دەخینە ڕوو بەم جۆرەی خوارەوە:

١ -تۆرەکانی ڕێگاو بان: ڕێگاوبان بە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی پلاندانانی گەشتیاری دادەنرێت، چونکە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی گەشتی هەر تاکێك کە گەشت بۆ ناوچەکە دەکات و بەشدارێکی کاریگەرە لە چالاکیی گەشتوگوزار، هەر لە خاڵی دەستپێکردنی گەشتەکەی تاوەکو کۆتایی گەشتەکە، ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی، سەرەڕای بونی ڕێگای سەرەکی و لاوەکی، بەڵام هەڵسەنگاندنی چەندیەتی و چۆنیەتی و چالاکیی ئەم ڕێگانە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار شوێنەواری بەمشێوەی ئێستا خزمەتگوزاری پێویست و تەواو پێشکەش بە کەرتی گەشتوگوزاری شوێنەوار ناکات، بۆ گەیشتن بە ناوچە شوێنەوارییەکان پێویستی بە هەمەجۆری و شێوازی پێشکەوتوی تۆرەکانی ڕێگاوبانە، بۆیە دەتوانین بلێن ڕێگاوبانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ئاستێکی پێویست دا نییە و بەشی زۆری بە یەك ئاراستە، بەشێك لە هۆکاری ڕێگا یاخود نەبوونیان لە ناوچە شوێنەوارییەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بەشی زۆری شوێنەوارەکان کەوتۆتە ناوچەی شاخاوی سەخت ئەمەش پێویستی بە تێچوو و کاتی زیاترە، بەپێی ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی بەرێژەی (٧٨%)ی بەشداربووان ئاشکرایان کرد ڕێگەی گەیشتن بە ناوچە شوێنەوارییەکان لە ئاستێکی خراپ دایە و بە گرفتێکی سەرەکیش دادەنرێت، و رێژەی (١٠%)پێیان وایە لە ئاستێکی مامناوەندە و ڕێژەی (١٢%) پێیان وایە لە ئاستێکی باش دایە بەڵام ئەم ڕێژەیە لە دیدی گەشتیاران هەڵسەنگاندیان بۆ ڕێگا سەرەکیەکان کردبێت نەك ڕێگای گەیشتن بە ناوچە شوێنەوارییەکان، و هەندێ ناوچەی شوێنەواری هیچ جۆرە ڕێگای بۆ دروستنەکراوە وەکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مزگەوتی ئەسحابان و ئەشکەوتی گوندك و قەلای شوش، بۆیە ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر کەرتی گەشتیار لە ناوچەی لێکۆلینەوە.

٢ -ئاستی پرۆژە گەشتیاریەکانی ناوچە شوێنەوارییەکان: پرۆژە گەشتوگوزارییەکان خۆی لە بوونی سەرجەم ئەم خزمەتگوزارییانە دەبینێتەوە کە پێداویستی گەشتیار پڕ دەکاتەوە کە بریتین لە ئاسنکارییە گەشتوگوزارییەکان وەکو بوونی (کابینەی گەشتیار و کافتریا و چێشتخانە و تۆری ئاو و دوکان و بنکەی تەندروستی و پارك و هێلەکانی پەیوەندی ...هتد) لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییەکان گەشتیار خەرجی دەبێت و بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی ناوچەکە لێی سوودمەند دەبێت، بە پێی سەرنجی گەشتیارن هیچ پرۆژە گەشتیاریەك لە ناوچە شوێنەوارییەکان نییە تاوەکو لە ئاستێکی باش ببینن و پێیان وایە بەرێژەی (٨٠%)ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ بەدەست ئەم گرفتەوە دەناڵێن بەدەرن لە بوونی پرۆژە بۆیە لە ئاستی خراپدا سەیر دەکرێ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمی ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە و ڕێژەی (٢٠%) لە ئاستێکی مامناوەند دەیبنین.

٣-بایەخ نەدان بە ناوچە شوێنەوارییەکان: بەشێوەیەکی گشتی قەزای ئاکرێ ناوچەیەکی دەولەمەندە بە توانستە شوێنەوارییەکان و دەتوانرێت بکرێتە یەکێك لە توانستە گرنگەکانی کەرتی گەشتیاری و چەندین ناوچەی گەشتیاری گرنگی لێ دروستبکرێت بە هاوکاری حکومەت و کار بکرێت لەسەر نۆژەنەکردنەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران و زیندوو مانەوەی ناوچەکە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەلایەن توێژەر و بەشداربوانی فۆرمی ڕاپرسی و خاوەن پرۆژە گەشتیارەکان وەکو پێویست هاوکاری کەرتی تایبەت نەکراوە بۆ بایەخدان بە ناوچە شوێنەوارەکان و کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی سەرجەم ناوچە شوێنەوارییەکان نەکراوە، بە پێی ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی دەرکەوتوە کە ڕێژەی (٩٤%) بەشداربووان پێییان وایە ناوچە شوێنەوارییەکان لەلایەن لایەنی پەیوەندی دار پشتگوێ خراوە و کاری لەسەر نۆژەنەکردنەوەیان نەکراوە بۆیە ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ، دەتوانین بڵێین نەبوونی پرۆژە و نۆژەننەکردەوەیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر لە

ناوچونی شوێنەوارەکان، و بە ڕێژەی (٤%)لە ئاستێکی مامناوەند و ڕێژەی(٢%)لە ئاستی باش دەبینن ئەم ڕێژەیە ئاماژەیەکە و دەبێت کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیە بکرێت و بەرز بکرێتەوە ئەویش لە ڕێگای کنە و پشکنین و نۆژەنکردنەوە و پارستنیان لە لەناوچون.

٤ -چالاکی جۆراوجۆری نەتەوەی و کەڵتوری و هەژاری و نەبوونی رێبەری گەشتیار تایبەت بە ناوچە شوێنەوارییەکان : هەژاری و کەمی ڕێبەری تایبەت بە ناوچە شوێنەوارییەکانی گرفتێکی ترە کە گەشتیار تووشی دەبێت لە کاتی سەردانی قەزاکە، بۆیە گەشتیار هەمیشە بەدوای بونی ڕێبەرێکی گەشتیاری ناوچەکە دەگەرێت کە دەیەوێت گەشتی بۆ بکات ئەمەش دەبێتە ئاسانکاریەك بۆ گەشتیار، جگە بوونی چەند ناوچەیەکی کەمی ناوچە شوێنەوارییەکان لە ڕێبەری گەشتیاری پارێزگای دهۆك کە هیچ ڕێبەریەکی گەشتیاری تایبەت بە قەزای ئاکرێ و ناوچە شوێنەوارییەکانی نییە و کەمترین چالاکی تیاندا ئەنجامدرێن بوونی چالاکی جۆراوجۆر هۆکارێك بۆ ناساندنی ناوچە شوێنەوارییەکان، گەشتیارانی بەشداربووی فۆرمی ڕاپرسیەکەمان کەمی چالاکی جۆراوجۆری نەتەوەی و کەلتوری و ڕێبەری گەشتیاری بە گرفتێکی دیاری کەرتی گەشتیار ناوچەکە دیارکردووە کە ڕێژەی (٨٢%) گەشتیاران پێیان وایە گەشتیار تووشی ئەم گرفتە دەبێتەوە لە کاتی سەردانی بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە، ڕێژەی (١٢%) لە ئاستێکی مامناوەند و ڕێژەی(٦%) پێیان وایە لە ئاستی باش دایە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆیە دەبێت کار سەر ئەوە بکرێت پەرەی پێبدرێت و خزمەتگوزاریەکان بگەنە ئاستێکی باش بەئامانجی هاتنی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیاران ئەویش لە ڕێگای دروستکردنی ڕێبەری گەشتیاری و نەخشەی تایبەت بە ناوچە شوێنەوارییەکان و ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە بۆنە جیاوازەکانی نەتەوەی کورد و بانگێشت کردنی خەڵك لە شار و ناوچە جیاوازەکانی عیراق و دەرەوە.

٥-سەختی پێگەی شوێنەوارەکان و نەبوونی چالاکی جۆرجۆری گەشتیاری لە نزیك ناوچە شوێنەوارییەکان: ڕێژەی (٨٤%) بەشداربووانی فۆرمی ڕاپرسی پێگەی بەشێك لە ناوچە شوێنەوارییەکان نەبوونی چالاکی جۆراوجۆری گەشتیاری لە دیدی گەشتیارن بە یەکێك لە گرفەکان دادەنرێت لەبەردەم بوونی پرۆژەی گەشتیاری و سەردانی کردنی گەشتیار بۆ ناوچەکان بە تایبەت شوێنەوارە مێژووییەکان وەکو قەڵای شوش و قەلا ئاکرێ، سەرەرای نەبوونی جۆراوجۆری گەشتیاری،

بۆیە لە دۆخی بوونی جۆراوجۆری چالاکی گەشتیاری دەبێتە هۆکاری بۆ ئەوەی سەرنجی گەشتیاران بۆ ناوچەکان ڕاکێشیت و حەزی مانەوەی زیاتری بۆ ناوچەکە هەبێت، بۆیە مانەوەی کاتی زیاتر گەشتیار لە ناوچەکە دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ بوژانەوەی ئابووری قەزای ئاکرێ، بەڕێژەی (%٨)لە ئاستی مامناوەند سەیری ئەم گرفتە دەکەن و ڕێژەی(%٨)پێیان وایە لە ئاستێکی باش دایە پێدەچێت ئەم ڕێژەیە زیاتر سەیری ئەو شوێنەوارانەیان کردبێت کە گەیشتن پێیان ئاسانە.

**ب-پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ.**

زاراوەی پەرەپێدان بەشێوەیەکی گشتی دوای جەنگی جیهانی دووەم و سەربەخۆبوونی دەوڵەتانی کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی لەسەدەی ڕابردوو بەکارهاتووە، چەمکی پەرەپێدان لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی کراوە بە جۆرێك لە فەرهەنگی جوگرافیا بریتیە لە پەرەپێدان و گۆرانکاری و هەنگاو نانە بۆ بەرەوپێش چوونی بنەڕەتی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی ئابووری و ڕۆشنبری کە لە گەشەی ئابوری دا دەبێت(عثمان، ٢٠١٣: ٧-٨)، بە بۆچونی د.ئازاد نەقشبەندی پەرەپێدان بریتیە لە گۆرانکاری جا بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت، بەجۆرێك لە هەنگاوێکی پلان بۆ دانراوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی گۆڕانگاری پلان بۆ دارێژراو بۆیە لە بنەڕەتدا بە گۆڕان و گەشەی خوازراو دادەنرێت یان لایەنی کەم پێویستی بەرجەستەی ڕێکخستنی و کۆنترۆلکردن بێت، بۆیە پەرەپێدان ڕێژەییە و پەرەپێدان پێویستی بە کاتی زۆر و گرتنەبەری ڕێگا و شێوازی زانستی و گونجاو هەیە بەپێی ئەو بنەما و توانست و دەرامەتانەی لە واقعدا بوونی هەیە، ئامانجی سەرەکی پەرەپێدانیش بریتیە لە پڕکردنەوە و دابینکردنی پێداویستی تاکەکانە(النقشبندی، 82)، بۆیە دەتوانین بڵێن پەرەپێدانی گەشتوگوزار بریتیە لە پرۆسەیەکی پلاندارێژراو بەمەبەستی گۆرنکاری و بەدی هینانی ئامانجی ئەرێنی لە بورای گەشتوگوزار بەجۆرێك گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی گەشتوگوزار بە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە توانستی گەشتوگوزار، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری ناوچەکە و دەبێتە فاکتەرێك بۆ ڕاکێشانی زیاتری گەشتیار بۆ ناوچەکە و نەهێشتنی بێکاری، لەم تەورەیاندا لە ڕێگای پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی(پاشکۆی٢) کە بۆچونی گەشتیاران و خەڵکی ناوچەکەیە تیشك دەخینە سەر پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ بەم شێوەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١ -گەیاندنی تورەکانی ڕێگاوبانی هەمە جۆر بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان: کار بکرێت لەسەر گەیاندنی ڕێگای جۆروجۆر و هونەری بەمەبەستی گەیشتنی گەشتیاران بە ناوچە شوێنەوارییەکان بە ئاسوودەی و کاتێکی کەم ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری گەشتیاران سەردانی ناوچە شوێنەوارییەکان بکەن ئەمەش خاڵێکی گرنگ دەبێت بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری و هۆکارێك دەبێت بۆ بۆژانەوەی ناوچەکان، یاخود دروستکردنی تەلەفریك بۆ گەشیتن بە قەلا و ئەشکەوتی شوێنە سەخت و بەرزەکان وەکو قەلای ئاکرێ و ئەشکەوتی گوندنك و قەلای شوش، ڕێژەی (٧٤%)ی گەشتیاران و خەڵکی ناوچە گەیاندنی تۆرەکانی ڕێگاوبان بە ناوچە شوێنەوارەکان بە خاڵێکی گرنگ دادەنێن بۆ بۆژانەوەی ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ و هۆکارێك دەبێت بۆ دووبارە سەردانی کردنەوەی شوێنەکان.

٢ -دروستکردنی پرۆژە و کۆمەڵگای گەشتیاری: بوونی سەرجەم خزمەت گوزارییەکان لە ناوچە شوێنەواریەکان دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەکە ئەمەش لە ڕێگای بوونی پرۆژە و گۆمەڵگای گەشتیاری بۆیە دەبێت کار بکرێت بۆ گەیاندن و دروستکردنی کۆمەڵگای گەشتیاری تایبەت بە ناوچە شوێنەوارییەکانی مێژووی و ئاینی قەزای ئاکرێ بەجۆرێك سەرجەم خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان تێدا بەدی بکرێت وەکو (کابینەی گەشتیاری، ریستۆرانت، کافتریا، پارك، بنکەی تەندروستی، سۆپەرمارکێت...هتد)، بە ڕێژەی (٧٨%)وای دەبینن کە بوونی پرۆژە و کۆمەڵگای گەشتیار دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ناوچە و دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ کەرتی گەشتیار لەسەر ئاستی قەزای ئاکرێ، خاڵێکی ئەرێنی دەبێتە بۆ هاندانی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیارن کە سەردانی ناوچە بکەن.

٣ -بایەخدان بە ناوچە شوێنەوارییەکان و نۆژەنکردنەوەیان: کار بکرێت لەسەر گرنگی دانی زیاتر بە ناوچە شوێنەوارییەکان لە ڕێگای کنە و پشکنین بۆ سەرجەم ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزاکە و لایەنی پەیوەندی دار هاوکاری هاندەری کۆمپانیا ناوخۆییەکان بن بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتاری کارکردن لەسەر کنە و پشکنین بکرێت ئەویش لەلایەن تیمێکی پسپۆر و شارەز و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆیان، چونکە چەندین شوێن هەیە تاوەکو ئێستا کنە و پشکنینی بۆ نەکراوە بۆیە دەبێت لە ڕێگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسانی شارەزا و پسپۆر کار لەسەر کنە و پشکنین بکرێت و نۆژەنکبرێنەوە و لە ڕێگا دروستکردنی جەمەلۆنی تایبەت بەمەبەستی پاراستنیان لە باران و بەفر و دروستکردنی شواری تایبەت لە چواردەوری ، ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی ئەوەیان ئاشکرا کردووە بە ڕێژەی (٧٠%) بایەخدان و ناساندنی ناوچە شوێنەوارەکان نۆژەنکردنەوەیان دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ ئەوەی دووبارە گەشتیار سەردانی ناوچەکە بکەنەوە بەجۆرێك دەبێتە هۆی ئەوەی ساڵانە ژمارییەکی زۆری گەشتیار سەردانی قەزاکە بکەن.

٤ -ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنبری و کەلتوری و نەتەوەی و دروستکردنی ڕێبەری گەشتیار: بوونی چالاکی ڕۆشنبری و کەلتوری و نەتەوەی لە ناوچە شوێـنەوارییەکان فاکتەرە بۆ مانەوەی ناوچەکان بە شێوەیەکی زیندوو ئەمەش دەبێتە مانای مانەوەی مێژوویەکی گرنگی قەزای ئاکرێ، بۆیە دەبێت لە ئاستی باڵا گرنگی بەم خاڵە بدرێت و کاربکرێت لەسەر ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری لە یاد و بۆنەکانی نەورۆز و یادی ئەنفال و شۆڕەشەکان لە ناوچە شوێنەوارییەکان بەمەبەستی ئاشنا بوونی گەشتیار بە ناوچە شوێنەوارییەکان و دروستکردنی ڕێبەری تایبەت و بە زانیاری ورد لەسەر سەرجەم ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ و دیاریکردنیان لەسەر نەخشەیەك، بەرێژەی (٨٢%)گەشتیاران پێیان وایە ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنبری و کەلتوری و نەتەوەی و بوونی ڕێبەری گەشتیاری و ڕاگەیاندنی هەمەجۆری (بینراو و بیستراو نوسراو )دەبنە خاڵێکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆلینەوە.

٥ -ئاسنکارییەکانی گەشتوگوزار و پرۆژە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکان: ئاسانکاریەکانی گەشتیاری، جگە لە هۆیەکانی گەیاندن و شێوازەکانی گەیشتن کە لە خاڵی یەکەم ئاماژەمان پێ کرد، هەموو ئەو ئاسانکاریانە دەگرێتەوە کە سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشین کە لە شوێنە گەشتیاریەکاندا بەردەست بن، وەك دروستکردنی چەندین جۆری جیاوازی چالاکی گەشتیاری لە نزیك شوێنە شوێنەوارییەکان وەکو یارییە ئاوییەکان یاخود وەرزشیەکان وەکو ئەسپسواری، کە ڕێژەی (٦٢%)گەشتیاران پێیان وایە بوونی ئاسانکاری و جۆاروجۆری چالاکی گەشتیار دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیار لە ناوچەی لێکۆلینەوە، خاڵێکی یارمەتی دەر دەبێت بۆ ئەوەی ژماریەکی زیاتری گەشتیاری

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردانی قەزای ئاکرێ بکەن بەمەبەستی بینینی دیمەنە جوانەکان و ناوچە شوێنەوارییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین لە ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ چەندین گرفتی جۆراو جۆر بەدی دەکرێت کە کاریگەری نێگەتیڤیان کردۆتە سەر کەرتی گەشتیاری قەزاکە، بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی زانستی و پلان دارێژراو کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بکرێت و ناوچە شوێنەوارەکان بخرێتە خزمەت کەرتی گەشتیاری قەزای ئاکرێ بەمەبەستی ئەوەی سەرنجی زیاتری گەشتیاران بۆ قەزاکە ڕاکێشێت، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگ دەبێت بۆ دووبارە بووژانەوەی ئابوری ناوچەی لێکۆلینەوە.

## ئەنجام

١- شوێن و پێگەی قەزاکە گرنگە بەجۆرێك شوێنکی ناوەندی هەیە بە پێ پارێزگانی هەولێر و دهۆك و موصل و نزیکی لەسنوری وەلاتی تورکیا، ئەمانەش فاکتەرێکی ئەرێنین بۆ ئاسانی گەیشتن و هاتنی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە.

٢-قەزای ئاکرێ دەوڵەمەندە بە توانستە شوێنەواری مێژووی و ئاینی ژمارەیان نزیکە(١١٦) ناوچەیە، زۆری ئەم ناوچە شوێنەوارانە ئاماژەن بەوەی ئەم قەزایە مێژوویەکی دێرینی هەیە، زۆری ناوچە شوێنەوارەکان خاڵێکی یارمەتی دەردەبێت بۆ ئەوەی گەشتیار زیاتر سەردانی ناوچەکەی بکات بەهۆی ئەوەی گەشتیار دەتوانیت لە کەمترین کات سەردانی چەندین ناوچەی شوێنەواری جیاواز بکات و تێچوویشی کەمتربێت.

٣- ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ چەندین گرفتی جۆراوجۆریان هەیە وەکو گرفتی خراپی ڕێگاوبان و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان پارك و ڕیستۆرانت و نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری و کەمی جۆرە چالاکیەکی نەتەوەی و ڕۆشنبیری لە ناوچە شوێنەواریەکان، بەرێژەی (٩٤%)گەشتیاران ئەمانە بە گرفتی سەرەکی ناوچە شوێنەوارەیەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە دادەنێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤-لە ئەنجامی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ و گەیاندنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی وەکو ڕێگاوبان و دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری نەتەوەی و ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی هاتنی ژمارەیەکی زیاتری گەشتاری بۆ قەزای ئاکرێ، بۆیە بە ڕێژەی (٧٨%)گەشتیاران ئامادەن دووبارە سەردانی ئاوچە شوێنەوارییەکان قەزای ئاکرێ بکەن لە دۆخی چارەسەرکردنی گرفتی ناوچە شوێنەوارییەکان، بۆیە دەتوانین بڵێن تاوەکو گرفتەکانی ناوچە شوێنەوارییەکان چارەسەر بکرێت و پەرەی پێبدرێت ژماریەکی زیاتری گەشتیار سەردانی ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەن.

## ڕاسپاردە

١-گەیاندنی ڕێگای جۆراو جۆر بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان وەکو دروستکردنی تەلەفریك بۆ گەیشتن بە قەلای ئاکرێ و قەلای شووش کە شوێنەکەیان بەرزە کە ڕێگای گەیشتنیان زەحمەتە و نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی شوش کە قەلا شوش لێیە وە دروستکردنی ڕێگای پلیکانێ بۆ گەیشتن بەئەشکەوتی گوندك، ئەمانەش بۆ ئاسانی گەیشتنی گەشتیاران بە توانستە شوێنەوارییەکان کە لە ئێستا بەشێك لە شوێنەکان ڕێگای گەیشتنیان نییە.

٢- هێنانی تیمی شارەزای بیانی و ئەنجامدانی کنە و پشکنین بۆ سەرجەم ناوچە شوێنەوارییەکان دانانی تابلۆی زانیاری بە تایبەت لە قشلەی ئاکرێ و دێر مریا و مزگەوتی ئەسحابان. نۆژەنکردنەوەیان لەسەر هەمان دیزاینی کۆنیاندا، بەشێکیان ئەگەری لە ناوچونیان هەیە وەکو مزگەوتی ئەسحابان .
٣-کاربکرێت لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگا و پرۆژەی گەشتیاری سەردەمیانە لە نزیك ناوچە شوێنەوارییەکان قەزا ئاکرێ و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری کەلتوری و نەتەوەی بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران وەکو چالاکی ڕۆژی نەورۆز لەسەر قەلای ئاکرێ، دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بۆ ئەشکەوتی گوندك و قەلای ئاکرێ و قەلای شوش کە هیچ خزمەتگوزار نییە بۆیە دەبێت خزمەتگوزاییەکان بەجۆرێك بێت بتوانرێت خزمەتی زۆرترین ژمارەی گەشتیار بکات، ئەو کاتیش لە ڕووی ئابووریەوە سودێکی ماددی بۆ سەرجەم دانیشتوانی ناوچەکە دەبێت.

٤- دروستکردنی ڕێبەری گەشتیاری بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکرێ و دیاری کردنیان لەسەر نەخشە و دابەشکردنیان لە بازگەکانی چوونە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمەش دەبێتە هۆی وەرگرتنی زانیاری تەواو لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان و ئەو کات حەزی سەردانی کردن لای گەشتیار دروست دەبێت.

**سەرچاوەکان:**

١-عبدالحكيم، مجمد صبحى، الديب، حمدي أحمد(٢٠١١)، الجغرافيه السياحه، مكتبه الانكلوا مصريه،(القاهره.
٢-بريفكانى ،د.بێکەس جەمالەددین(٢٠١٧) خوێندکاری دکتۆرە لە زانکۆی لیۆن٢ فەرانسا، ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکی، و.ژیان عەبدولحەمید عومەر، بەرگێ دووێ، دهۆك.
٣-ئاکرێ، فايق ابو يزد سليم (١٩٩٩)، دليل السياحى ئاكرێ،الطبعة الاولى،مطبعو جامع صلاح الدين،اربيل.
٤-عەلی، شڤان ئیسلام(٢٠٢٣)، ئاکرێ لەسەردەمی عوسمانیدا(١٨٤٢-١٩١٨)توێژینەوەیەکی مێژووی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥-محمد، وتمان محمد (2015)، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)،سکوڵی زانستە مرۆڤاتییەکانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٦-حسين، بهزاد حلمي (2009)، الامكانات الجغرافيه السياحه في قضاء ئاكرى دراسة في جغرافية السياحة، رسالة ماجستير(غير منشور)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.
٧-عبدالهادی، نیچیرڤان خیرالدین،(٢٠٢٢) پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناحیەی بارزان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
٨-عثمان.بەهرە رضا(٢٠١٣)،جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای پەرەپێدان،نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)،کۆلیَ<ی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.
٩-محمد.عدنان علی(٢٠٢٣)، توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان دا، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
١٠-السيكانى.محمد ناجى اسماعيل(٢٠٢٣)، المباني التراثية المختارة في قضاء عقرة-دراسة ميدانية، رسالة ماجستير(غير منشور)، جامعة الموصل، كلية الاثار، قسم الاثار.
١١-النقشبندى،ازاد محمد امين، التنمية السياحية و اثرها على صيانة الطبيعية، مجلة البيئة و التنمية، شرم الشيخ.

١٢-اقليم كوردستان-عيراق، وزارة البديات السياحة، الهيئة العامة للسياحة،المدرية العامة للسياحة في دهوك، مديرية سياحة عقرة، دليل السياحة، 2021.
١٣-.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارتی شارەوانی، دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەوای دهۆك، بەرێوبەرایەتی شوێنەواری قەزای ئاکرێ، ٢٠٢٣.
چاوپێکەوتن
١٤- هیوا شیمال أحمد، بەرێوەبەری شوێنەواری ئاکرێ ٢٥-٧-٢٠٢٣.
١٥-حسن. د.بێکەس جەمالەدین، بەرێوبەری گشتی شوێنەواری پارێزگای دهۆك، ٢٥-٧-٢٠٢٣.
١٦-عیسی، عبدالرحن عیسی، وتەبێژی تەکیەی عبدالعزیز گەیلانی، ١٢-٨-٢٠٢٣.
١٧-تاج الدین، سرکفت عامر، شوێنەوارناس، ١١-٨-٢٠٢٣.
١٨- شوشی ،احمد صالح، گۆڤاری دیرۆك، ژمارە١٠، ل٥.

---

# A Geographical Assessment of The Historical And Tourist Relics of The Akre District and How They Developed

**Asst. Lect. Nechirvan Kh. Abdulhadi**
Department of Geography, Faculty of Education, Koya university, Kurdistan Region, Iraq
Email: Nechirvan.abdulhadi@koyauniversity.org

**Asst. Prof. Dr. Luqman Weso Omer**
Department of Geography, Faculty of Education, Koya university, Kurdistan Region, Iraq
Email: luqman.omer@koyauniversity.org

**Asst. Lect. Nawshirwan Dawd Ali**
Department of Geography, Faculty of Education, Koya university, Kurdistan Region, Iraq
Email: nawshirwan.dawd@koyauniversity.org

***Keywords*** *archaeology-tourism-Akre district- Qala - Ashkut - mosque ‹development*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Tourism is one of the activities that is constantly developing, diverse, one of the types is historical and religious archaeological tourism that is considered one of the important principles of tourism Lay Akre, Shush Castle, Akre Great Mosque, Der Mariana, Gundk Cave, etc.

The researchers have come to the conclusion that the geographical location of Akre district is rich in archaeological sites, which (116) archaeological sites in the district, which helps tourists to see many different places in a short time ه as Poor or lack of road networks and lack of projects, tourist guides and tourism services that 83.6% of tourists see these problems in the areas.

Therefore, more attention should be paid to these areas by the relevant authorities in order to diversify tourism in the study area through the creation of tourist guides and the creation of tourism communities in the historical and religious archaeological areas of Akre district.

# التقييم الجغرافي للمعالم السياحية التاريخية والدينية في قضاء عقرة و كيفية تطويرها

**ملخص:**

لسياحة هي إحدى الأنشطة التي تتطور باستمرار، وتتنوع، ومن أنواعها السياحة الأثرية التاريخية والدينية التي تعتبر من المبادئ المهمة للسياحة، تعتبر قضاء عقرة من أهم وأغنى المناطق بالمعالم الدينية والتاريخية مثل وجود (قلعة عقرة، القلعة شوش، مسجد عقرة الكبير ، دير مريامة، مغارة گوندك وغيرها).

توصل الباحثون إلى أن الموقع الجغرافي لقضاء عقرة غني بالمواقع الأثرية، حيث يبلغ عدد (116) موقعاً أثرياً في قضاء عقرة ، مما يشكل نقطة مساعدة للسياح لرؤية العديد من الأماكن المختلفة في وقت قصير.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بالإضافة إلى ذلك هناك عدة مشاكل رئيسية في منطقة الدراسة مثل ضعف أو انعدام شبكات الطرق ونقص المشاريع والمرشدين السياحيين والخدمات السياحية حيث يرى 83.6% من السياح هذه المشاكل في المناطق.

لذلك يجب العمل على تطوير المواقع الأثرية من خلال تقديم كافة الخدمات السياحية، والعمل على إنشاء الدليل السياحي والتعريف بالأماكن الأثرية عبر وسائل الإعلام، وذلك لتعريف السياح بأماكن قضاء عقرة الأثرية.

| ژ | گرفت | ئاستی گرفت | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خراپ | % | مامناوەند | % | باش | % |
| 1 | خراپی جۆرەکانی ڕێگاوبان | 39 | 78 | 5 | 10 | 6 | 12 |
| 2 | نەبونی یاخود نزمی ئاستی پرۆژە گەشتیاریەکانی ناوچە شوێنەوارییەکان | 40 | 80 | 10 | 20 | 0 | 0 |
| 3 | پشت گوێخستنی ناوچە شوێنەواریەکان لەلایەن لایەنی پەیوەندی دار و نۆژەنەکردنەوەیان | 47 | 94 | 2 | 4 | 1 | 2 |
| 4 | نەبونی ڕێبەری گەشتیاری تایبەت بە ناوچە شوێنەوارییەکان و نەبوونی چالاکی نەتەوەی و کەلتوری | 41 | 82 | 6 | 12 | 3 | 6 |
| 5 | پێگەی شوێنەوارەکان و سەختی گەیشتن بە شوێنەوارەکە و نەبوونی چالاکی جۆراو جۆری گەشتیاری. | 42 | 84 | 4 | 8 | 4 | 8 |

فۆرمی ڕاپرسی(١) گرفتی ناوچە شوێنەکانی قەزای ئاکرێ

| ژ | پەرەپێدان | بەڵێ | % | نەخێر | % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گەیاندنی تورەکانی ڕێگاوبان و چاککردنی ڕێگاکان | 37 | 74 | 13 | 26 |
| 2 | دروستکردنی پرۆژە و کۆمەڵگای گەشتیاری | 39 | 78 | 11 | 22 |
| 3 | نوێژەنکردنەوە و بایەخدان بە ناوچە شوێنەوارییەکان و | 35 | 70 | 15 | 30 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | دروستکردنی ڕێبەری گەشتیار و ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنبری و کەلتوری و نەتەوەی | 38 | 76 | 12 | 24 |
| 5 | دروستکردنی چالاکی جۆراو جۆری گەشتیاری لە نزیك ناوچە شوێنەوارییەکان وەکو چالاکی( وەرزشی ، ئاوی، هتد) | 31 | 62 | 14 | 28 |

فۆرمی ڕاپرسی (2) پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکان، لە هەبوونی ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە دووبارە سەردانی ناوچە شوێنەوارییەکان دەکەیت

پاشکۆی ژمارە(١-٢)        ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی